# دادوەری (قضاء)

# (لە دەوڵەتی مەروانیدا 380-489ک/990-1069ز)

عطا عبدالرحمن محی الدین زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی مێژوو

دیمن حسیب أحمد بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

## پێشەکی:

جیاوازیەکانی مرۆڤ لە روانگەی بیروتێروانین و زمان و رەنگ و رەچەڵەک و چەندەها لایەنی تر، لە چوارچێوەی دەوڵەتێک دا رێکدەخرێن و بەرێوەدەبرێن، کە بە سیستەمی کارگێری گشتی ناودەبرێت و بەشێوەیەکی گشتی لەسێ ئاستی سەرەکی کارگێری پێکهاتووە، کە بریتین لە ئاستەکانی کارگێری باڵاو ناوەندو جێبەجێکار دانیشتوانی هەرێمی جەزیرەش بەگشتی وەک بەشێک لەدانیشتوانی وڵاتی کوردان لە سەدەکانی ناوەراستدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەروانی (380–489ک/990–1096ز ) بەرێوەبراون لەرێگەی سیستەمی کارگێریەوە ئەو جیاوازیە ئاینی و نەتەوەی و زمانیانە رێکخراون و بەرێوەبراو ، و هەمان ئەو ئاستە کارگێریانەیانەی دەوڵەت بوونە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە،ئەمانەش کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەتدارین و دابینکەری پێداویستی و خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایشی ژیانی هاوڵاتیەکانن .

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بۆیە بە پێویستمان زانیوە باس لە یەکێک لەوپۆستە کارگێریانە بکەین وەک بەشێک لە ئاستی کارگێری جێبەجێکاری دەوڵەتی مەروانی ، کە تەواوکاری دوو ئاستەکەی تری سیستەمی کارگێری دەوڵەتەکەن ،کە ئەویش بریتیە لە پۆستی دادوەریکردن، لێرەدا بەچەند تەوەرێک تیشک دەخەینە سەر ئەم پۆستە، کە بریتین لە چۆنێتی دانانی دادوەرو رێورەسمی دانانی دادوەرو پێگەو دەسەڵاتی و لابردنی سزادانی دادوەر لە پۆستی دادوەریدا .

بۆ ئەم توێژینەوەیەش سودمان لە سەرچاوەی جۆراو جۆر وەرگرتووە، کە لە لیستی سەرچاوە ناومان بردوون، کە زانیاریەکانمان بە ئەستەم دەست کەوتووە تیاندا، چونکە ئەم باسە کەم بایەخ بەباسکردنی دراوەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**کەمترین زانیاری تایبەتمەندی لە بارەوە تۆمارکراوە، ئەمەش بۆشای مێژووی سیستەمی کارگێری دروست کردووە، بۆیە هەوڵمانداوە ئەو بۆشاییە پربکەینەوە.**

**کلیلی وشەکان:** دادوەری، پۆست، دەولەت.

## تویژگەی یەکەم:

### أ-پۆستی دادوەری

### ب- دەست نیشانکردنی دادوەر و بنەماکانی

### ج- ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی دادوەر

## أ-پۆستی دادوەری:

دادوەری یەکێکە لە پۆستە کارگێڕییە دیار و بەرچاوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەگشتی و بەتایبەتیش دەوڵەتی مەروانی (عبدالرقیب، 1972، ص 184). ئەم پۆستە لە پۆستە گرنگەکانی کارگێڕی ناوخۆییەکانی دەوڵەتە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا لەژێر دەستی کارگێڕی باڵای دەوڵەتە، چونکە بەڕێوەبردنی ناوخۆی دەوڵەت بەبێ پۆستی دادوەری کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە، هاوکات پۆستی دادوەری کاری سەرەکی چارەسەری کێشەکان و کۆتایی پێهێنانی ئاڵۆزییەکانە، (زیدان، ص 235) وەک لە واتای زماوانیشەوە دەردەکەوێت دادوەری واتای برانەوە و تەواوبوونی شتێک یاخود یەکلاکردنەوەی شتێک دەگەیەنێت (القلقشندي، 1914، ص 451)، زیاتر ئاشکرایە لەم پێناسەیەی (ابن خلدون) کردوویەتی بۆ پۆستی دادوەری و ووتویەتی: ((بریتییە لەو پلە و پۆستە، کە کێشەکان لەناو خەڵکدا چارەسەر دەکات و کێشەکان بنبڕ دەکات)) (الدرویش، 2004، ص 407).

(القلقشندي) پۆستی دادوەری لە پۆستە کارگێڕییە بەرزەکانی بواری ئاینی هەژمار کردووە (القلقشندي 1914، ص 255). پێشمان وایە ئەم تێڕوانینەی (القلقشندي) سەرچاوەی گرتووە لە پەیوەستبوون و کارگێڕی پۆستی دادوەری لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی و دیاریکردنی مەزهەبێکی ئیسلام و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کردنە بنەما بۆ دادوەریکردن لە لایەن کارگێڕی پۆستی دادوەری، کە پێی دەوترێت (دادوەر – قاضي) (الماوردي، 1989، ص 88).

سەرەڕای ئەوەی دادوەر دەبێت شارەزای تەواوی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام و ئەو مەزهەبە بێت، کە دادوەری پێدەکات (اليوزبكي، 1979، ص 192)، (القلقشندي) ووتویەتی: ((دادوەریکردن ئەوپەڕی توانای زۆری دەوێت)) (القلقشندي، 1914، ص 272). بێگومان ئەمانەش پێگەیەکی گەورە و گرنگییان بە پۆستی دادوەری داوە و هۆکاربوون بۆ ئەوەی پۆستی دادوەری کارگێڕی بەشێکی دانەبڕاوی سەرەکی بێت لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتان لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامدا گرنگی پێدراوە بۆ ڕێگرتن لە زوڵم و زۆرداری و گەڕانەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان (ربه، 1983، ص 78)، هەر لە سەرەتای ئیسلام و سەردەمی پێغەمبەر بوونی هەبووە، یەکەم دادوەریش پێغەمبەر محمد (د.خ) بووە، پاشان لە سەردەمی ڕاشیدەینەکاندا هاوشێوەی سەردەمی پێغەمبەر بەردەوامی هەبووە، دواتریش لە سەردەمی ئومەوی بەردەوامی هەبووە ئەم پۆستە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بە درێژایی سەردەمە جیاجیاکانی خیلافەتی عەباسی بە شێوازێکی سیستماتیکانە بەردەوامی هەبووە لەگەڵا بوونی تایبەتمەندی خۆی بەپێی بارودۆخە جیاجیاکانی خیلافەتی عەباسی (حسن، الصفحات 175-182).

دەوڵەتی مەروانیش وەک دەوڵەتێکی سەدەی (4-5ک/ 10-11ز) جیهانی ئیسلام بەگشتی، پۆستی دادوەری هەر لە سەرەتای کارگێڕی دەوڵەتەکە بەشێک بووە لێی و بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەردەوامی هەبووە تا سەردەمی لاوازی و کۆتایی هاتنی دەوڵەتەکە (التكريتي، 1970، الصفحات 150-154)، وەک الفارقي ناوی ژمارەیەکی بەرچاو و دیاری دادوەری بردووە لە شارە جیاجیاکانی سنووری دەوڵەتی مەروانی (بالركن، 2014، ص 462). لەگەڵا ئەوەی ئاشکرایە، کە ئەم پۆستە پۆستێکی وەرگیراوە لە سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی عەباسی، بەڵام سیستەمی دادوەری لە دەوڵەتی مەروانیدا تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بڕوانینە ئەو تایبەتمەندییانە دەبینین لە سیستەمی ئەم دەوڵەتەدا پۆستی (دادوەری دادوەران – قاضي قضاة) (الباشا، 1989، ص 74) نییە، کە لە کاتێکدا لە هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی عەباسی و فاتمیدا هەبووە، کە سەرپەرشتی گشت دادوەرانی کردووە لە شوێنە جیاجیاکانی دەوڵەتدا، کە ڕۆڵی وەزیری دادی ئەمڕۆی بینیووە (القلقشندي، 1914، ص 486).

دادوەرەکان لە سەرەتای دەوڵەتی مەروانی تا ساڵی (428-429ک/ 1036-1037ز) پێدەچێت دادوەرەکان ئازاد بووبێتن لە هەڵبژاردنی مەزهەبێک لەو چوار مەزهەبەی ئیسلام (ابو زهرة، د.ت، الصفحات


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

286-329) بۆ دادوەریكردن لە سەری، چونكە تا ئەو كاتە باس لە هیچ مەزهەبێك نەكراوە، كە نەتەوەی كورد بە شێوەیەكی گشتی پەیڕەوی كردبێت لەو ناوچەیانەدا و بەتایبەتیش دەوڵەتی مەروانی لەو بەشەی وڵاتی كوردانداا، بەڵام لەو مێژووە بە دواوەوە وەك ئاماژەی پێكراوە، پەیڕەوی مەزهەبی شافیعییان كردبێت بە هۆی بڵاوبوونەوەی مەزهەبی شافیعی لە هەرێمی جەزیرەدا، كە بە كوردستانی ناوەڕاست ناوبراوە لە خوێندنگەی فارقین و دیاربكر لە لایەن (ابا عبدالله الكارزونی، كە هاوشێوەی پەیڕەوی مەزهەبی شافیعی بووە لە مصر (زیدان، ص 238). لە كاتێكدا دادوەرەكانی هەردوو دەوڵەتی عەباسی و فاتمی هەر یەكەیان پەیڕەوی مەزهەبێكیان كردووە وەك مەزهەبی شافیعی و حەنەفی و پەیوەست بوون پێوەی، كە لەو شوێنەی دادوەریان تێداكردووە و جێی باوەڕبوون واتە هیچ كات ئازاد نەبوون لە هەڵبژاردنی مەزهەبێك، كە بیكەنە بنەمای دادوەریان (الماوردي، 1989، ص 91).

هەروەها لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانیدا یەك جۆر دادوەر هەبووە، كە دەتوانین بڵێین دادوەری گشتی بووە، دادوەری تایبەتمەندییان نەبووە وەك (دادوەری سەرباز– قاضي عسكري). دادوەرەكانی دەوڵەتی مەروانی هیچ نازناوێكیان نەبووە و پێنەدراوە وەك دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی بووەیهییەكاندا جگەلە نازناوی دادوەری دادوەران (قاضي قضاة) نازناوی (اقضى قضاة) دەركەوت لەسەر دادوەرەكان، كە شكۆ و پایەی كەمترە لە نازناوی (قاضي قضاة) (القلقشندي ، د.ت، ص 335).

لەگەڵ ئەمانەشدا سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی وەك ئاماژەمان پێكردووە، هاوشێوەی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی عەباسییە بەتایبەتی، هاوكاتی ئەمەش هەڵگری تایبەتمەندی سروشتی ژینگەی دەوڵەتی مەروانییە، وەك زیاتر دەردەكەوێت لەم پێكهاتانەی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی.

## ب- دەست نیشانكردنی دادوەر و بنەماكانی:

شێواز و بنەماكانی دەست نیشانكردنی دادوەر بە شێوەیەكی فەرمی دیارینەكراوە و باسنەكراوە لە دەوڵەتی مەروانی، بەڵام پێمان وایە دوو شێواز دەست نیشانكردنی دادوەر هەبووە، كە شێوازی یەكەمی ڕاستەوخۆ میری وڵات كەسێكی دەست نیشانكردووە بە بێئەوەی ئەو كەسە پێشتر خۆی كاندید كردبێت بۆ پۆستی دادوەری، بێگومان ئەم دەست نیشانكردنەی داوەرەش دەبینرێت لە هەڵبژاردنی دادوەر لە دەوڵەتی عەباسی لە بەغدا هەبووە، بۆ ماوەی دوو سەدە لە خێزانی (ابی شوارد) بووە (ریسلي، ب.ت، ص 83). شێوازی دووەمی دەست نیشانكردنی دادوەر بریتییە لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شایستەبوونی پۆستی دادوەری بووە، خاوەن زانست و زانیاری و شارەزایی تەواوی لە شەریعەتی ئاینی ئیسلام بووە، كە ئەمەش بەشێكە لەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

مەرجانەی (ماوردی) بۆ بوون بە دادوەری لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا دەست نیشانیکردووە (الماوردي، 1989، ص 84). مەرجەکانی تری دادوەریشیان تا ڕادەیەک تێدا بووە، چونکە زۆربەی دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی شەرعزانی بەتوانابوون و بەناوبانگ و ناسراوبوون وەک هەر لە سەرەتای کارگێڕی دەوڵەتدا پەیڕەوییان کردووە، ئاشکرایە لە بوونی دادوەر (أبو علی المحسن التنوخي) لە شاری جەزیرەی (ابن عمر) لە سنووری دەوڵەتی مەروانیدا، کە کەسێکی خاوەن ئەزموون و ناسراو بووە، لە بنەماڵەیەک بووە، کە باووباپیرانی دادوەر بوون لە ناوچە جیاجیاکانی دەوڵەتی عەباسی هەروەها دادوەر (أبو علی المحسن التنوخي) پێش ئەوەی دادوەر بێت لە شاری جەزیرەدا، دادوەر بووە لە (واسط) لە ساڵی (363ک/ 974ز) و لە دوای ساڵی (367ک/ 977ز)دا بووەتە دادوەر لە شاری جەزیرە (الحموي، 1993، ص 2280).

هەروەها بە هەمان شێوە ئەو بنەمایانە پەیڕەوکراون لە هەڵبژاردنی داوەرەکانی تریشدا وەک میر (نصر الدولة) لە ساڵی (429ک/ 1038ز) (أبو المرجا سعاده حسین بن بکر) کردووەتە دادوەری میافارقین، لە کەسە شارەزاکانی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بووە و خاوەن زانست بووە لەو بوارەدا وەک الفارقی دەڵێت: ((شەرعزانێکی لێهاتوو بووە)) (الفارقي، 2014، ص 491) ، هەروەها (أبو المرجا سعده حسين بن بكر) هەر لە سەردەمی میر (نصر الدولة) کراوە بە دادوری میافارقین تا ساڵی (435 یان 436ک/ 1044 یان 1045ز) بەردەوام بووە لە دادوەری، کەسێکی شارەزا و زانستخواز بووە، کە لە ڕۆژانی دادوەرێتیدا نامەی بە (ابن الفطیر) نووسەریدا ناردووە بۆ موسڵ بۆ لای دۆستێکی، کە هەندێک کتێبی شەرعزانی بۆ بنێرێت، کە لە میافارقین دەست نەکەوتوون (الفارقي، 2014، ص 489). لە دوای ئەم دادوەرەش دادوەر (أبو منصور بن طوسی) بووەتە دادوەری میافارقین تا ساڵی (449ک/ 1057ز) فەقیهزانێکی زانا بووە (الفارقي، 2014، ص498).

سەرەڕای ئەوەی شارەزایی و زانینی زانستی شەرعی بنەمای سەرەکی هەڵبژاردنی دادوەر بووە، بەڵام ڕەچاوی ریزداری و ناوداری دەوڵەمەندی و ناسراوی کراوە لە هەڵبژاردنی دادوەردا، وەک لە سەردەمی میر (نصر الدولة) دا (أبو علی حسن بن علی الامدي) ناسراو بە (البغل) کراوە بە دادوەری ئامەد، کە دیارترین گەورە پیاوی ئامەد بووە و ئەوەندە موڵک و پارە و زەوی لە ناوەوەو دەرەوەی شار هەبووە، کە کەس وەک ئەو نەیبووە، تا ساڵی (451ک/ 1059ز) بەردەوام بووە لە دادوەرێتی، هەروەها خاوەن بۆچوون و ژیری و سیاسەت بووە (شداد، 1978، ص 364).

لە دانانی دادوەریدا لە دەوڵەتی مەروانی ڕەچاوی ئەزموونداریو بنەمای میراتگری کراوە، سەرەڕای ناسراوی و ناوداری و دەوڵەمەندی (چاوتێری) وەک ئاشکرایە لە ساڵی (451ک/ 1059ز) (أبو حسن بن أبو علی بن بغل) کراوە بە دادوەری ئامەد، سەرەڕای ئەوەی کوڕێکی تری بە ناوی (أبو القاسم علی) لە ساڵی (449ک/


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

1057ز) كرابوو بە دادوەری میافارقین، وەک الفارقی ووتویەتی: ((لە ساڵی (451ک/ 1059ز) (نصر الدولة) دەستی بە سەر دادوەر (ابی علی بن بغل) گرت، كوڕەكانی ئازاد كرد، دادوەر (أبو حسن)ی كوڕی گەڕایەوە ئامەد، دادوەر (أبو قاسم)ی كوڕی لە دادوەریێتی میافارقین مایەوە)). بە هەمان شێوە كە باس لە دادوەر (أبو حسن الامدي) (الفارقي، 2014، ص 504)، دەكرێت كە دادوەری میافارقین بووە لە ساڵی (455ک/ 1063ز) لادراوە لەسەر بنەمای ناوداری و دەوڵەمەندی و ناسراوی و لێهاتوویی كرابێت بە دادوەر، چونكە الفارقی ووتویەتی: (لە ماڵە گەورە و پێشەواكان بوو، پیاوێكی مەزن و دڵاوا بوو، پارەیەكی زۆر و موڵكێكی زۆریشی هەبوو).

بێگومان ڕەچاوكردنی ئەم سیفەتانەش بۆ دادوەریكردن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، كە نابێت كەسانی چاوبرسیو تەماعكارو چاولەدەستی خەڵک بكرێتە دادوەر تاكو لەو پێناوەدا دیاری و بەرتیل وەرگرێت و بەو هۆیەوە دادوەریكردنەكەی لاسەنگ بێت. لە سیستەمی دادوەری وەک بەشێک لە سیستەمی كارگێڕی ئیسلامدا دووپات كراوەتەوە و بە گرنگەوە باسی لێوەكراوە و ڕەچاوكراوە (الابشهي، د.ت، ص 98).

هەروەها لە هەڵبژاردنی دادوەردا لە دەوڵەتی مەروانیدا ڕەچاوی چاكە و پیاوەتی لەسەر ئاستی تاكە كەس و ویستخوازی و بەرژەوەندی تاكە كەس كراوە، كە وەزیری وڵات ڕۆڵی سەرەكی تیابینیووە و ویستوویەتی و پاڵنەری سەرەكی بووە لەم كارەدا و بە هەر شێوەیەک خۆی ویست بێتیو ڕێكیخستووە تا میری وڵات ڕازیكردووە بە دانانی ئەو كەسەی ویستی لەسەر بووە و دەست نیشانیكردووە بۆ بوون بە دادوەری وەک (أبو قاسم علی) كوڕی دادوەر (ابی علی بن علی) ئامەدی كراوە بە دادوەری میافارقین لە لایەن میر (نصر الدولة) لە ساڵی (449ک/ 1057ز) بە هەوڵدانی وەزیر (ابن جهیر)، كە ڕەچاوی چاكەی دادوەر (أبو علی) باوكی كردبوو، كە هەیبووە بە سەرییەوە، كە وەزیر (ابن جهیر)ی هێنابوو بۆ ناوچەی دیاربكر و پێشتریش هەوڵی بۆدا لای میر (نصر الدولة) (الفارقي، 2014، ص 504). هەرچەندە ئەم دادوەرە لە بنەماڵەیەكی ئەزمزونداری دادوەریدا بووە، كە باوكی دادوەر بووە، بەڵام ڕەچاوكردنی چاكە و پیاوەتی و ویستخوازی تاكە كەسی یەكناگرێتەوە لەگەڵا پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی وڵات بەگشتی و بەتایبەتی پۆستی دادوەری و بوون بە دادوەری و سیفەت و مەرجەكانی دادوەر (الماوردي، 1989، ص91)، كاریگەری مەترسیداری دەبێت لەسەر دادوەریكردن، چونكە دادوەری كارێكی تایبەتمەندە و ئەوپەڕی بەرپرسیارێتی وەرگرتنە بەرامبەر خودا و خەڵک، كە پەیوەندیدارە بە دیاریكردنی مافەكانی خەڵک لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام (آخرون، 1986، ص 103). كە (القلقشندي) بەرپرسیاریەتیەكی گەورەی دادوەرری خستوەتەڕوو، دەڵێت: ((دادوەری هەستانە بە جێبەجێكردنی یاساكانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

شەریعەت و فەرمانەکانی شەریعەت و نەهێشتنی ناکۆکی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان)) (القلقشندي، د.ت، ص 77).

شێوازی سێیەمی هەڵبژاردنی دادوەر لە سیستەمی دادوەری لە کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بریتییە لەوەی، کە چەند کەسانێک کە خۆیان بە شایستەی پۆستی دادوەری زانیووە خۆیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم پۆستە، کە لەناویاندا کامیان بەتواناتر و لێهاتووتر بووە بۆ دادوەریکردن کراوە بە دادوەر لە لایەن وەزیری وڵاتەوە. وەک لە ساڵی (468ک/ 1076ز) کۆمەڵێک لە خەڵکی میافارقین بۆ دادوەرێتیکردن کاندید کراون لەوانە: (ابن عامر، ابن زيدان، کوڕانی دادوەر علی بن بغل و ابی بکر محمد بن صدقة). لێرەدا وەزیر (أبو طاهر بن انباري) گرنگی بە (ابی بکر محمد بن صدقة)، داوە لە نێوانیاندا و ڕێزیلێناوە و کردوویەتی بە دادوەری میافارقین (الفارقي، 2014، ص 515). دەتوانین بڵێین لەسەر هەمان بنەمای شارەزایی و خاوەن زانست و زانیاری بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بووە، کە بەتواناتر و زاناتر بووە لەو بوارەدا لەوانەی تر، کە لەگەڵیاندا خۆیان هەڵبژاردبوو، چونکە فەقیهزانێکی زانا بووە و یەکێک بووە لە هاوەڵانی کارزۆنی فیقهزان، لە لای دادوەر (ابی منصور بن شاذانی طوسي) خوێندوویەتی و خاوەن ئەزموون بووە لە بواری دادوەریدا، کە جێگرایەتی بۆ دادوەر (ابی نصر بن جرجور) کردووە، خەڵکی حەزی بە دادوەری کردووە، تا ڕووخانی دەوڵەتی مەروانی هەر بەردەوامبووە لە دادوەری (الفارقي، 2014، ص 515).

## ج- ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی دادوەر:

ڕێوڕەسمی دانان و دامەزراندنی دادوەر باسی لێوەنەکراوە بە شێوەیەکی فەرمی و دیارینەکراوە لە دەوڵەتی مەروانیدا، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕێوڕەسمی تایبەتمەند بە دامەزراندنی دادوەر لەم دەوڵەتەدا بوونی هەبووە و سازکراوە بە ئامادەبوونی میر، وەزیر، کەسانی ناسراوی وڵات، ناوچەکە، پیاوماقوڵان، دادوەری ناوچەکانی تر و وتارخوێن، کەسی هەڵبژێردراو بۆ پۆستی دادوەری دانراوە بە دادوەر، پاشان وتاربێژ لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەری مزگەوت، بەڵێندان بە دادوەری خوێندووەتەوە و لە هەمان ئەو ناوچەی، کە تیایدا کراوە بە دادوەر. بەو شێوەیەش دادوەر بە شێوەیەکی فەرمی بووە بە دادوەر و ڕەوایەتی پێدراوە.. وەک لە ڕێوڕەسمی جێگیرکردنی (أبو القاسم علی بن قاظي ابی علی بن البغلي الامدي) لە پۆستی دادوەریدا لە میافارقین لە ساڵی (449ک/ 1057ز) ئاشکرایە، کە بە ئامادەبوونی میر (نصر الدولة) و وەزیر (ابن جهير) و دادوەر (أبو علی) باوکی و (أبو حسن) برای و (ابن ابی ایوب و ابن بکرون)، کە لە گەورە پیاوانی ئامەد بوون و (ابن عقیل)ی وتاربێژ بەڕێوەچووە، لە لایەن میرەوە کراوە بە دادوەر، کە ابن عقیل بەڵێنەکەی لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

مزگەوت خوێندووەتەوە، کە (أبو القاسم علي) بە فەرمی بووەتە دادوەری میافارقین و شەرعیەتی پێدراوە بەو شێوەیە (الفارقي، 2014، ص 504).

دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی لە یەک کاتدا تەنها دادوەری یەک شاریان گرتووەتەدەست بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی ئەگەر بڕوانینە دادوەرەکان دەبینین دادوەر هەبووە لە دەوڵەتی مەروانیدا لە یەک کاتدا دادوەری دوو شار گرتووەتەدەست و هەر مانگە و لە شارێک کاری دادوەری کردووە و بە ڕێوڕەسمی تایبەتمەند هاتوچۆی کردووە لە نێوان ئەو دوو شارەدا و پێشوازی لێکراوە (التكريتي، 1970، ص 152). وەک دادوەریکردنی شاری میافارقین و ئامەد لە لایەن دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمه المالكي) لە یەک کاتدا، کە پێشتر (أبو عبدالله حسين بن سلمه المالكي) دادوەری شاری میافارقین بووە لە ساڵی (409ک/ 1018ز) هاوکات بووەتە داوەری شاری ئامەدیش لە ساڵی (415ک/ 1024ز)، هەرچەندە وەک دەردەکەوێت لە بارودۆخێکی ئاسایی بووە، چونکە شاری ئامەد لەو ساڵەدا تازە کەوتبووە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی مەروانی (الفارقي، 2014، ص 484).

## تەوێرگەی دووەم:

**أ- دادوەریکردن لەسەر ئاستی شارەکان**

**ب- پێگە و دەسەڵاتی دادوەر**

**ج- لابردن و سزدانی دادوەر**

### أ- دادوەریکردن لەسەر ئاستی شارەکان:

پێمان وایە دادوەریکردن لە دەوڵەتی مەروانیدا لەسەر ئاستی شارەکان بووە و پۆلێنکراوە بەپێی شارەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی هەر شارە و دادوەری خۆی هەبووە (عبدالرقيب، 1972، ص 185)، وەک باس لە دادوەری شاری ئەرزن کراوە، کە هەرچەندە نەناسراو بووە، بەڵام باس دەکرێت کە ئامادەی هەبووە لە ڕێوڕەسمی دانان و ڕاگەیاندنی (احمد بن مروان) بە میری وڵات لە ساڵی (401ک/ 1010ز) (الفارقي، 2014، ص 470) دا، هەروەها ناوی ژمارەیەک دادوەری شاری ئامەد و شاری میافارقینی بردووە هەروەها لە شاری نصبین بە هەمان شێوە دادوەری بۆ دانراوە، کە ئەمەش جیاوازبووە تا ڕادەیەک لە دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی، کە لە ناحیەکانیشدا دادوەریان دانابوو یاخود چەند دادوەرێک لە شارێکدا ئەگەر شارەکە گەورە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بووبێت (اليوزبكي، 1979، ص 195)، هەروەها هەر شارێکی دەوڵەتی مەروانی بە شێوەیەکی گشتی یەک دادوەری هەبووە و دادوەرەکانیش لەژێر دەسەڵاتی تەواوی میر (نصر الدولة) بوون.

لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی دادوەر هەبووە لە یەک کاتدا دادوەری دوو شاری کردووە بە شێوەیەکی سیستماتیکی، بۆ نمونە دادوەر (أبو عدالله حسين بن سلمه المالكي) لە ساڵی (415ک/ 1024ز) مانگێک لە میافارقین دادوەرێتی کردووە و مانگێکیش لە شاری ئامەد، کە بەپێی ڕێکخستنی کاتێکی دیاریکراو لە هەموو مانگێکدا، کە ئەو کاتە دیاریکراوەش چواردەی مانگ بووە لە هەموو مانگێکدا دەرچووە، لەو کاتەدا لە میافارقین بەڕێدەکەوت بەرەو ئامەد بۆ کاری دادوەری ئەوێ، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتمەند، کە هەموو ئامادەکارییەکی لە خواردن و شتومەکو بەز بۆ داگیرساندن و ڕووناک کردنەوەو بۆن و شتی دیکەی بۆ کرابوو لەگەڵا خۆیان و هەڵیانگرتبوو لەگەڵا گۆرانیبێژان بەڕێکەوتبوون تا گەیشتووەتە (قاسمیه)، کە لە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان میافارقین و ئامەدە، لەم شوێنەدا دەگەیشتن بەوانەی لە ئامەدەوە هاتبوون بۆ پێشوازی، کە دادکار و گۆرانیبێژان بوون و پێداویستییان پێبووە، لەوێدا شەویان بەسەربردووە، کە بەیانی داهاتووە، دادوەر لەگەڵا دادکاری ئامەد و ئەوانەی هاتبوونە پێشوازی ڕۆیشتبوون بەرەو ئامەد، ئەوانەی میافارقینیش گەڕاونەتەوە میافارقین (الفارقي، 2014، ص 484). بەم شێوەیەش دادوەر تا چواردەی مانگ لە ئامەد ماوەتەوە و بە هەمان شێوە کەوتووەتەڕێ بۆ دادوەریکردن بۆ میافارقین، کە بەردەوامیش ئەم شێوازە پەیڕەوکراوە تا ساڵی (428ک/ 1037ز) دادوەر کۆچی دوایی کردووە (الفارقي، 2014، ص 284).

دەکرێت بڵێین ئەم تایبەتمەندی سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانییە، چونکە لە سیستەمی دادوەری دەوڵەتانی هاوسەردەمی وەک دەوڵەتی عەباسی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە بەرچاوناکەوێت لەو سەرچاوە مێژووییانەی باسیان دەکەن. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم شێوازی دادوەرییە شێوازێکی خراپی دادوەرییە چونکە بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ شارێک بێ دادوەر دەبێت و هیچ زانیارییەکیش لە سەرچاوەکاندا بەرچاو ناکەوێت، کە ئەو شارە چۆن ئەو ماوەیە دادوەری تیدا کراوە.

## ب- پێگە و دەسەڵاتی دادوەر:

دادوەر لە دەوڵەتی مەروانیدا خاوەن پێگە و ڕێز و دەسەڵاتی تایبەت بووە، کە بەدەر نەبووە لەو پێگە و ڕێز و دەسەڵاتەی دادوەر هەیبووە لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، کە بە بەشێکی تایبەتی کۆمەڵگا (الصابي، ١٩٨٦، ص ٢٠)، وەک ئاشکرایە میرەکانی دەوڵەتی مەروانی ڕێزی زۆریان لە دادوەرەکان گرتووە و دەسەڵاتی تەواویشیان پێداوە، وەک میر (نصر الدولة) ڕێزی زۆری لە دادوەری ئامەد، دادوەر (أبو علی حسن بن علی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

الامدي) ناسراوە بە (البغل) ناوە، الفارقی دەڵێت: ((ئەوەندە حورمەت و پلەوپایەی لە لای میر و گەورەپیاوانی دەوڵەت هەبوو، کە هەر باس ناکرێت)) (الفارقي، 2014، الصفحات 491-492).

هەروەها دادوەری میافارقین و ئامەد، دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمه المالكي) بە هەمان شێوە خاوەن پێگە و دەسەڵات و بڕیاری تەواوی خۆی بووە (الفارقي، 2014، ص ٤٨٤)، بەتایبەتیش لە سەرچاوەیەکی مێژوویید نابینرێت و باس نەکراوە، کە میر یاخود وەزیر یان پەردەدار یاخود جێگری میر لە دەوڵەتی مەروانییدا دەست بخەنە کاروباری دادوەریکردنی دادوەر لەم دەوڵەتەدا، لە کاتێکدا دادوەرەکانی دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمی دەستخرایە ناو کاروباری دادوەرەکان، هەندێک جار بڕیارەکانیان لە لایەن والی ویلایەتەکان یان کەسە کارگێڕییە باڵاکان ڕەتدەکرایەوە، کاتێک دادوەر لەسەر بابەتێک کە دادوەری کردبوو، بڕیاری دەردەکرد. لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلام جەخت کراوەتەوە لە سەربەستی دادوەرەکان و خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی تەواو لە بواری دادوەریکردنیاندا (زيدان، ١٩٨٩، الصفحات ٧١-٧٦)، کە (ماوردی) بە مەرجی سێیەمی ناوبردووە (الماوردي، 1989، ص ٨٨).

لە تایبەتمەندی پێگە و ڕێز و دەسەڵاتی دادوەر و گرنگی دادوەری، دادوەر کۆڕبەندی تایبەتییان هەبووە بە شێوازێکی سیستماتیکی بۆ کاری دادوەریکردن، هەرچەندە لە دەوڵەتی مەروانی باس نەکراوە لەو شوێنەی کە کۆڕبەندەکە یاخود دادگاییەکە، کە کاری دادوەری تێداکراوە وەک دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتانی تری ئیسلام، کە سەرەتا لە مزگەوت و دواتریش گواستراوەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان و لەوێدا کاری دادوەرییان کردووە (زيدان، ١٩٨٩، الصفحات ٥٥-٦١).

هەروەها تایبەتمەندییەکی تری دادوەر پەیوەستە بە پێگە و ڕێزی دادوەر بریتییە لە پۆشاکی تایبەتی دادوەر، کە دەکرێت دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی پۆشاکی تایبەتی دادوەرییان لەبەرکردبێت هاوشێوەی دادوەرەکانی دەوڵەتی عەباسی، کە عەبایەکی ڕەش بووە چونکە دەبینین سیستەمی دادوەری دەوڵەتی مەروانی هیچی کەمتر نەبووە لە دەوڵەتانی هاوسەردەمی بەتایبەتی دەوڵەتی عەباسی و فاتمی (اليوزبكي، 1979، ص ١٩٦)، بۆیە دەکرێت لە کۆی ڕێوڕەسمی تایبەتی هەڵبژاردن و کۆڕبەندی دادگا، جلی تایبەتی دادوەریشیان لەبەرکردبێت، هەرچەندە باس نەکراوە و ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە باسی جلوبەرگی کۆمەڵگای کوردیدا دەوترێت دادوەرەکان هاوشێوەی میرەکان و وەزیرەکان جلی تایبەتیان لەبەربووە، بەتایبەتی باس دەکرێت، کە دادوەرەکان سەربەستی تایبەت (عمامە) بە ناوی (بقيار) بەستوویانە، یاخود پۆشاکێکی یەک پارچە بەسەر جلەکانی تریاندا پۆشیوویانە بە ناوی گیلسیان (القلقشندي1914، الصفحات 41-42).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هاوکات دادوەرەکان یاریدەدەریان هەبووە لە دادوەریکردندا، کە ئەویش بریتی بووە لەدەستەی دادوەران، کە هاوشانی دادوەر ئامادەی دادگای کۆڕبەند بوون، کە پێکهاتوون لە (دادناس – عدول) و (نوسەر – کاتب) و شروگی و شاهیدەکان پێکهاتوون (عبدالرقیب، 1972، ص 184)، ئەمەش هاوشێوەی دەستەی دادوەری دەوڵەتی فاتمی و عەباسی بووە (المقريزي، ١٩٩٧، الصفحات ١٥٢-١٥٣). ئەم دەستەی دادوەرییە لە دەوڵەتی مەروانیدا هاوشانی دادوەر، گەورەی پێگە و فراوانی دەسەڵات و ڕێزداری دادوەر و جێگیرکردنی کاری دادوەریان دەرخستووە لە دەوڵەتی مەروانییدا هاوشێوەی دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمی (اخرون، ب-س، ص ١٠٣). کە هەریەک لە ئەندامانی ئەم دەستە دادوەرییە کارێکی تایبەتمەندی پێسپێردراوە و مەرجی تایبەتمەندی هەبووە، وەک:

## 1- دادکار(عدول):

بریتیین لە کارگێڕی پۆستی دادپەروەری، کە پەیوەستە بە پۆستی دادوەریکردنەوە، لە لایەن دادوەرەوە مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە لەو پۆستەدا، کە دەبووایە خاوەنی ئەمانەت و دادپەروەری بوونایە و شارەزایی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بوونایە و توانای ڕێکخستنی تۆماریشیان هەبووایە و خەڵکانی دیار و ناسراوی کۆمەڵگە بن، چونکە لەگەڵا دادوەردا سەیری سکاڵانامە و داوانامەی خەڵکیان کردووە، کە زانیاری پێویستیشی دەدات بە دادوەر تەنانەت دەربارەی ڕەوشت و ڕەفتاری ئەو خەڵکانە، هەروەها دادکار چاودێری بڕیاری دادوەری کردووە، بۆ ئەوەی بزانرێت پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی نین و کاری تری دادکار شایەتیدانە لە نێوان خەڵکیدا هەر بۆیە تۆماری تایبەت بە خۆی هەیە دادکار، کە موڵک و ماڵا و قەرز و مامەڵەی خەڵکیان بە گوێرەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام تۆمارکردووە. دادکار شوێنی تایبەتی هەبووە و ئەو کەسانەی مامەڵەی گرێبەستیان هەبووە، کە سەردانیان کردووە لە کۆڕبەندی دادگاشدا، دادکارەکان لە لای ڕاست و چەپی دادوەر دانیشتوون، وەک ئەوەی ناسراوە (ريسلي، ب.ت، ص ٨٤). دەتوانین بڵێین دادکار ڕۆڵی پارێزەری ئێستای بینیووە، کە زۆرکات بریکاری داوانامەکە بوون یاخود داواکاربوون.

دادکار لە سیستەمی دادوەری لە سەدەی (4-5ک/ 10-11ز) لە لای دەوڵەتانی ئیسلام وەک عەباسی و ئەخشدی و فاتمی و سەلجوقی هەبووە (عبدالرقیب، 1972، ص. ١٩٨)، هاوکاتی ئەمانەش لای دەوڵەتی مەروانی دادکار هەبووە وەک (ابن البهات) دادناس بووە لە میافارقین، کە لە پیاوە ناسراو و گەورە و دەوڵەمەندەکانی شاری میافارقین بووە (الفارقي، 2014، ص ٥٠٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەر دادوەرێک لە دەوڵەتی مەروانی دادناسێک زیاتری لەگەڵا بووە لە شارێکدا، وەک الفارقی لە باسی دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمه مالكي) کاتێک لە میافارقین بەرەو ئامەد ڕۆیشتووە لە ساڵی (415ک/ 1025ز) دەڵێت: ((.. لەگەڵا دادکارانی ئامەد دەگەڕێتەوە شارەکە..)) (الفارقي، 2014، ص ٤٨٤). ئەرکی دادکاری لەسیستەمی دادوەریدا بەڵگەیە لەسەر فراوانبوونی شارەکان و پێشکەوتنی شارستانیەت و ئاوەدانی لەدەوڵەتی مەروانییدا (عبدالرقيب، 1972، ص١٩٨).

## 2- نوسەر (كاتب):

یاریدەدەرێکی تری دادوەر بووە، کە لە (خەڵکی دیوان – أهل ديوان)ن، کە دارِشتن دروست دەکەن و دەنوسن، کە ئەو کەسانەش پێویستە موسڵمان، خاوەن متمانە، ژیر، (پێگەیشتوو– سن الرشد)، ئازاد، دادپەروەر، زانا بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام، نەفس بەرز، خاوەن شەرەف و پیاو بێت (القلقشندي 1914، الصفحات ٦٥-٦٧). کە ئەمانە هەڵساون بە نووسینەوەی بڕیارەکانی دادوەر لە تۆماری تایبەتیدا، جارجار شوێنی دادوەریشیان گرتووەتەوە (الزحيلي، ١٩٩٥، الصفحات ٢٤٤-٢٤٨)، لەوانەش شاعیر (الفطير) نووسەری دادوەر (ابی المرجی) بووەو یەکێک بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی مەروانی (الفارقي، 2014، ص ٤٩٨).

## 3- شروطییەکان:

ئەمانەش لە هاوکارەکانی دادوەربوون، کە کەسانی تایبەتمەندبوون و هەڵگری تۆمار و بەڵگەکان بوون و ڕێکخەری دانیشتنەکانی دادوەر بوون (القلقشندي، 1914، صفحة ٤٥٠)، وەک شروگی (أبو الحسن علی بن السند)، کە لە دەوڵەتی مەروانییدا ئەم کارەی کردووە (عبدالرقيب، 1972، ص ١٨٥).

## 4- جێگری دادوەر:

ئەمەش کەسێکی شارەزا و بە توانابوون هاوشێوەی دادوەر، لە کاتی ئامادەنەبوونی دادوەر بە هەر هۆکارێک، ئەم کاری دادوەری بەجێهێناوە (الجبوري، ٢٠٠٦، ص ٢٤٧). کە دادوەرەکانی دەوڵەتی مەروانی جێگریشیان هەبووە لەوانەش (علی بن حامد)، کە جێگری دادوەر (علی بن احمد السنوي) لە سەردەمی میر (أبو علی حسن) (381-387ک/ 991-997ز)، کە دواتر بووەتە دادوەری میافارقین لە ساڵی (400-409ک/ 1009-1018ز) لەبەر پەیداکردنی یاخود ئەزموونداری و شارەزایی دادوەری، هەروەها جێگری دادوەر (أبو علی حسن بن حسن) بووە. هەروەها (ابی بكر محمد بن صدقه)، کە جێگری دادوەر (ابی نصر بن هيبه الله جرجور) بووە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

میافارقین لە ساڵی (461ک/1069ز) باس لە دادوەرێتی كراوە و دواتریش بۆتە دادوەر (الفارقي، 2014، الصفحات ٤٦٢-٤٧٦).

دادوەرەكانی دەوڵەتی مەروانی جگە لە كاری دادوەری پلە و پۆستی تریان پێدراوە، هاوكاتی كاری دادوەری كردنیشیان وەک پێدانی چاودێریكردنی ئەوقاف، كە دادوەر (أبو منصور بن شاذاني طوسوي) لەگەڵا دادوەریكردندا چاودێری ئەوقافیش بووە لە ساڵی (435ک/ 1044ز) یان (436ک/ 1045ز) پێسپێردراوە (الفارقي، 2014، ص ٤٩٢). كە (ماوردی) بە بەشێک لە كارەكانی دادوەر ژماردوویەتی.. هەروەها دادوەرەكان هەندێكجار بەسەر كاروباری وەقف و شورە دانراون، لەوانە دادوەر (أبو حسن بن بغل) بەسەر كاروباری وەقفو شورە دانراوە، دادوەری دەوڵەتی مەروانی سەرپەرشتیكردنی كاروباری بیناسازیشیان پێسپێردراوە، وەک دادوەر (ابی نصر هيبة الله بن جرجور شاذي مشرقي) سەرپەرشتی بیناكردنی چینی چوارەمی تاوەری پادشای (برج الملک)ی كردووە لە ساڵی (461ک/ 1069ز).. و دادوەر كاری سەفیریشی كردووە واتە نوێنەرایەتیكردنی وڵاتی كردووە لە دەرەوەی دەوڵەتەكە لەوانەش دادوەر (أبو الحسن الامدي)، كە میر (نصر الدولة) بۆ مصر ناردوویەتی لە ساڵ (448ک/ 1056ز) بۆ پەیوەندیكردن بە وەزیر و خەلیفەی فاتمی لە كاتی بزووتنەوەی بەساسیریدا (عبدالرقيب، 1972، ص. ١٩٠).

لە ڕووی داراییەوە دەتوانین بڵێین پۆستی دادوەری لە دەوڵەتی مەروانییدا سەرچاوەیەكی باشی دارایی بووە بۆ دادوەرەكان هاوشێوەی دادوەرەكانی دەوڵەتی عەباسی، كە موچەی بەرزیان بۆ دابینكرابوو لە لایەن دەوڵەتەوە پێیاندراوە، تاكو دووربن لە پێویستییان بە هاوڵاتیان لە ڕووی داراییەوە دووربن لە بەرتیل وەرگرتن. بۆ نموونە دادوەرەكانی موسڵ لە سەدەی (4ک/ 10ز) موچەیان لە نێوان (200-500) درهەم بووە (الماوردي، 1989، ص ١١٢)، هەروەها (القلقشندي) لە باسی موچەی دادوەردا نووسیویێتی: (دادوەری دادوەران- قاظي قضاة) موچەی مانگانەیان بە بڕی (100) دینار وەرگرتووە. هەرچەندە لە دەوڵەتی مەروانییدا باس لە موچەی دادوەران نەكراوە، بەڵام ئاماژە بە دەوڵەمەندی دادوەر كراوە وەک دادوەری میافارقین دادوەر (أبو حسن الامدي) كاتێک لە ساڵی (455ک/ 1063ز) لە دادوەرێتی میافارقین لابراوە، الفارقي ووتویەتی: ((.. پیاوێكی مەزن و دڵاوا بوو، پارەیەكی زۆر و موڵک وماڵێكی زۆریشی هەبووە)) (الفارقي، 2014، ص ٥٠٧).

هەروەها لە گێڕانەوەیەكی تردا دەردەكەوێت دادوەر خاوەنی دارایی باش بووبێت، لە ساڵی (451ک/ 1059ز)، كە میر (نصر الدولة) دەستی بەسەر دادوەر (ابی علی بن البغل)دا گرت لە میافارقین، هەر لە هەمان كاتدا وەک الفارقی دەڵێت: ((پارەیەكی زۆری لێسەندووە)) (الفارقي، 2014، ص ٥٠٤).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**ج- لابردن و سزادانی دادوەر:**

لابردن و سزادانی دادوەر ڕێپێدراوە لە سیستەمی دادوەری وەک بەشێک لە سیستەمی کارگێڕی ئیسلامدا، ئەگەر هاتوو دادوەرەکە تاوانێک چەسپا لەسەری، یاخود نادادپەروەری کردبوو لە بڕیاردانی دادوەریکردنیدا، یان لایدا بوو لە بنەما و یاساکانی شەریعەتی ئیسلام بۆ دادوەریکردن، یاخود نەخۆشییەک، کە کاریگەری هەبوو لەسەر دادوەریکردنی، یان خوێندنی هەبوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر و خۆنوێکردنەوە لەو بوارەدا. لەسەر هەریەک لەمانە ڕێدراوە بە کارگێڕی باڵا وەک (خەلیفە، سوڵتان، میر) لایبەرێت و دادوەرێکی تر لە جێگەی دابنێت، وەک دەوڵەتی عەباسی و فاتمی دیارە لە سەدەی (4-5ک/ 10-11ز)دا.

دەوڵەتی مەروانییش هاوشانی ئەو دەوڵەتانە بەدەرنەبووە لە سزادان و لابردنی دادوەر سەرەڕای ئەوەی ماوەی دادوەریکردن لە دەوڵەتی مەروانییدا دیاریکراو نەبووە، بە شێوەیەکی گشتی دادوەر بەردەوام بووە لە دادوەری کردن تا کۆچی دوایی کردووە، وەک هەریەک لە دادوەران (على بن احمد السنوی و أبو القاسم حسن بن حسن بن المنذير)، کە دادوەری میافارقین بوو تا کۆچی دواییان کردووە لە دادوەریکردن لەوێدا بەردەوامبوون. هەروەها دادوەر (أبو عبدالله حسين بن سلمه المالكي)، کە دادوەری میافارقین و ئامەد بووە تا کۆچی دوایی کردووە، بەردەوامبووە لە دادوەریکردنی هەردوو شارەکە (الفارقي، 2014، الصفحات ٤٦٢-٤٧٦-٤٩١). دادوەر (أبو نصر بن جرجور)، کە دادوەری میافارقین بووە تا کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە گوماناوی بە مردنەکەیەوە دیارە، چونکە الفارقی نووسیۆتی: ((لەناکاو کۆچی دوایی کردووە)) (الفارقي، 2014، ص ٥١٢).

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە دادوەرەکان بە هۆکاری جیاجیا لابراون، لەوانە بە گومان کردنی خیانەت لە دەوڵەت، لە لایەن دەزگای کارگێڕی باڵای دەوڵەتی مەروانی، کە میری وڵات کارگێڕی باڵایە تیایدا بانگکراوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە و پاشانیش سزای بەندکردنی بە شێوەیەکی مەترسیدار لەسەر ژیانی بەسەریدا سەپاندووە، کە دەرئەنجامەکەی کۆتایی بە ژیانی دادوەر هێناوە، کە ئەم جۆرە سزایە هاوشێوەی سزای دادوەر


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بووه له دەوڵەتی عەباسیدا.. وەک میر (نصر الدولة) گومانی خیانەتکردن له دەوڵەت به دادوەر (المرجا ابوبکر) بردووه و بانگیکردووه و لێپرسینەوەی لەگەڵا کردووه لەسەر ئەو بابەتەی جێی گومان بووه بۆی و پرسیاری لێکردووه، بەڵام دادوەر هەر ئەو بابەتەی ڕەتی کردووەتەوە و پاشان میر سوێندیداوه و دواتریش نوسەر (ابن الفطیر)یان هێناوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵا کردووه و پرسیاریان لێکردووه، ئەویش پێیانی ڕاگەیاندووه ئەوەی ئەنجامیداوه، بەڵام بڕوایان پێنەکردووه و له نەسەلماندنی دادوەر و سوێندخواردنی جێگەی گومان بووه، بۆیه دادوەریان بردووەته کۆشک و له تاوەرێکدا دایاننیشاندووه و دەروازەکەیان به قوڕ هەڵچنیووه و دادوەر لەوێدا بووه تا گیانی له دەستداوه (الفارقي، 2014، ص ٤٩٨)، که ئەمەش دەتوانین بڵێین جۆرێکی سزای ترسناک بووه له سیستەمی کارگێڕی دەوڵەتی مەروانی بۆ سەر خیانەتکارانی دەوڵەت و بەتایبەتیش کارگێڕێکی وەک دادوەر، که تۆمەتبار دەکرێت بەو تاوانه.

هەروەها میر (نصر الدولة) له ساڵی (451ک/ 1059ز) دەستی بەسەر دادوەر (ابی علی بن البغل)دا گرتووه له میافارقین که دادوەری ئەوێ بووه، سزایداوه به سزادانی دارایی، که بڕێک پارەی زۆری لێسەندووه و پاشان سزای زیندانی بەسەردا سەپاندووه تا کۆچی دوایی کردووه تیایدا (الفارقي، 2014، ص ٥٠٤)، واته دەتوانین بڵێین زیندانی هەتا هەتایی دەکات به زمانی ڕۆژگاری ئێستا، که بەسەریدا سەپاندوویەتی، که پێمان وایه میر (نصر الدولة) لەبەر ترسان له دەسەڵات و دەستڕۆیشتووی دادوەر (ابی علی بن البغل) بووه له ئامەد و گوێڕایەڵی خەڵکی ئامەد بووه بۆ دادوەر، چونکه وەزیر (ابن جهیر) به میری وتووه، وەک الفارقی نووسیوێتی: ((ئەی سەردار! بزانه، که دادوەر له ئامەد به پاره و گفت و لفت و کردارەکانی به جۆرێک خۆی وەپێش کردووه، که هەموو خەڵکێک سەری بۆ دادەنەوێنن، خەڵکیش تێکڕا گوێڕایەڵی فەرمان و داواکاری ئەون..)) (الفارقي، 2014، ص ٥٠٤). لێرەدا میر (نصر الدولة) تەنها به سزادان و زیندانیکردنی دادوەر وازی نەهێناوه، بەڵکو کوڕەکانیشی زیندانی کردبوو، بەڵام که باوکیان له زینداندا مردووه، کوڕەکانی دادوەر ئازادکراون.

هەروەها له ساڵی (455ک/ 1063ز) دادوەر (أبو حسن الامدي) له دادوەرێتی میافارقین لادراوه، هەرچەنده باس ناکرێت له لایەن کێیەوه لادراوه، بەڵام هۆکاری لابردنەکەی دەگەڕێتەوه بۆ بوونی دوژمنداری نێوان دادوەر و (ابن جرا)، که دەردەکەوێت بەهۆی دەوڵەمەندیو ناوداری دادوەرەوه دوژمنداری و ناحەزی هەبووبێت له نێوانیاندا، که دادوەر چووەته مصر، نەگەڕاوەتەوه تا (ابن جرا) کۆچی دوایی کردووه، که هاتووەتەوه پاشان بووەتەوه دادوەر له میافارقین (الفارقي، 2014، ص ٥٠٣).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجامەکان:

1- دەوڵەتی مەروانی هاوشێوەی دەوڵەتانی سەدەکانی ناوەراست بە تایبەتی سەدەی( 4-5ک|10-11ز) بە باشترو ئاسانتر بەرێوەبراوە بەهۆی سیستەمی کارگێری جێبەجێکار کە تەواوکاری ئاستی کارگێری بالاو ناوەندی دەوڵەتەکەیە .

2-لە دەوڵەتی مەروانیدا گرنگی بەدادو دادپەروەری دراوە بەشێوەیەکی گشتی دادوەر بۆ شارەکان دانراوە بە سیستەمی جۆراوجۆر دانراون .

3-پۆستی دادوەری لە دەوڵەتی مەروانی پۆستێکی وەرگیراوە ،کەدەتوانین بڵێین وەریان گرتووە لە سیستەمی کارگێری دەوڵەتی عەباسی هاوسەردەمیان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پۆستی (دادوەری دادوەران – قاظي قضاة) نییە لەدەوڵەتی مەروانیدا ، کە لە کاتێکدا لە هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی عەباسی و فاتمیدا هەبووە، کە سەرپەرشتی گشت دادوەرانی کردووە لە شوێنە جیاجیاکانی دەوڵەتدا، کە رۆڵی وەزیری دادی ئەمرۆی بینیووە.

4-دادوەر لەسەر بنەمای شارەزای و شەریعەتزانی ئەزموونداری لە بواری دادوەریدا دانراون لە پۆستی دادوەریدا لە دەوڵەوتی مەروانیدا، هەرچەندە چەند کەسێک لە بنەماڵەیەک کراون بە دادوەر لە رواڵەتدا وا دەردەکەون لەسەربنەمای میراتگری کراون بە دادوەر .

5-هیچ دادوەرێک لە بنەماڵەی میر نەبووە لەم دەوڵەتەدا .

6- دادوەر هەبووە لە هەمان کاتدا دادوەری دوو شاری کردووە لەم دەوڵەتەدا هەرپانزە رۆژ و لە شارێک لە وانە بەردەوام بووە لە دادوەریکردن .

7-دادوەرەکان سزادراون و لە پۆستی دادوەری لابراون بەهۆکاری جیاجیا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## Abstract

Such as other dynasties in midlle agesThe State of Marwaniy (Marwanid Dynasty) ، particularly in 4th–5th Hijry(10th–11th Gregorian) centuries، was run their own statehood as best possible way. This is due to following and applying the adminstartion system which was integral to the highes level and central adminstrative system of the Marwaniys state.

Marwaniy state was interested of justice as it put judges for every cities and twons. The Judge position in Marwaniy state was taken from Abassi administartive system، but Marwaniy state hadnt Chief Judge position as existed in Abassi and Fatimy ruling system. The Chief Judge was manged all judges across the state acting as Justice minister in modern ruling systems.

The judges in Marwaniy state was selected according to his expreinces، knowleges. However there was some judges from certain clans selected to be a judge based on inheritance، but not anyone from Marwaniy royal family hadnd selected as a judge.

There was some judges took responsibilty to run two cities in the same time، judging and staying 15 days in each cities. As well as some of the Judges have been fired from judgung due to different reasons.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

# قائمة المصادر


1. الابشهي، ابى الفتح بن احمد. (د.ت). المستطرق من كل فن مستظرف. مصر: دار الجمهورية العربية.
2. ابن شداد، عزالدين محمد. (1978). الاعلاق الخطيرة فى ذكر امراء الشام و الجزيرة. دمشق: وزارة الثقافية و الارشاد القومي.
3. الباشا، حسن. (1989). الالقاب الاسلامية فى التاريخ و الوثائق و الاثار. القاهرة: دار الفنية للنشر و التوزيع.
4. التكريتي، محمود ياسين. (1970). الامارة المروانية. بغداد: جامعة بغداد.
5. الجبوري، احمد اسماعيل. (٢٠٠٦). نبذ عن تراجم قضاة الموصل و اطرافها فى العصر العباسة. دراسات الموصليه، العدد ١٢، نيسان، ٢٤٧.
6. حسن، حسين الحاج. (بلا تاريخ). حضارة العرب فى صدر الاسلام.
7. الحموي، شهاب الدين ياقوت. (1993). معجم الادباء. بيروت: دار الغرب الاسلامي.
8. الخولى، كريم فاروق و يوسف بالركن. (2014). تاريخ ميافارقين. استنبول: مطبعه نوبهار.
9. الدرويش، محمد. (تحقيق) (2004). مقدمة ابن خلدون. دمشق: دار يعرب.
10. ربه، ابن عبد. (1983). العقد الفريد. بيروت: دار الكتب العلمية.
11. ريسلي، جاك. (ب.ت). الحضاره الاسلامية. ب.م.
12. الزحيلي، محمد. (١٩٩٥). تاريخ القضاة. دمشق: دار الفكر.
13. ابو زهره، محمد. (د.ت). تاريخ المذهب الاسلامية. دار الفكر العربي.
14. زيدان، جرجى. (بلا تاريخ). تاريخ التمدن الاسلامي، ج1.
15. الصابي، ابي الحسين هلال (١٩٨٦). رسوم دار الخلافة. بيروت: دار الرائد.
16. عبدالرقيب، يوسف. (1972). الدولة الدوستكية فى كردستان الوسطى. بغداد: مطبعة اللواء.
17. عبدالكريم، زيدان. (١٩٨٩). نظم القضاء في الشريعة الاسلامية. بيروت: مؤسسة الرسالة.
18. على، حسن و آخرون. (1986). تاريخ الحضاره العربية الاسلامية. الكويت: مكتبه الفلاح.
19. عودة، محمد عبدالله و اخرون. (ب-س). مختصر التاريخ الاسلامي. ف-م.
20. الفارقي، احمد بن يوسف. (2014). تاريخ ميافارقين، تحقيق كريم فاروق الخولي. استانبول: مطبعه نوبهار.
21. القلقشندي، ابو العباس. (د.ت). ماثر الاناقة فى معالم الخلاقة، تحقيق: عبدالستار احمد. بيروت.
22. القلقشندي، ابو العباس، (1914). صبح الاعشى في صناعة الانشاء، ج5. القاهرة: دار الكتب المصرية.
23. الماوردي، ابي الحسن علي (1989). الأحكام السلطانيه و الولايات الدينية. الكويت: دار بن قتيبه.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

24. المقريزى، تقي الدين ابي العباس. (١٩٩٧). الخطط المقريزية، تحقيق محمد زينهم. ب-م: مكتبة مدبلولي.
25. اليوزبكي، توفيق وهبي. (1979). دراسات فى النظم العربية، ط2. الموصل: وزارة التعليم العالي و البحث العلمي.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper21 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019